Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی راپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# دەنگی هەمزە لە زمانی کوردیدا

**ڕێبین خالد خضر** بەشی کوردی ، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی صلاح الدين، هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق
**ئیمەیڵ:** rebin.khdir@su.edu.krd
**طالب حسێن علی** بەشی کوردی ، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی صلاح الدين، هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق
**ئیمەیڵ:** talib.ali@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (دەنگی هەمزە لە زمانی کوردیدا) یە ، سنوری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدایە، بۆیە داتا و نمونەی پێویست بە گوێرەی تەوەرەکانی بابەتەکە لە چوارچێوەی ئەم دیالێکتەدایە، بەپێی ڕێبازی (وەسفی سینکرۆنیک شیکاریی) شرۆڤەکراوە. ئامانجی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی ئەکادیمی ساغکردنەوە و خستنەڕوی بە فۆنیم بون و نەبونی دەنگی هەمزە [ ئـ ] یە لە زمانی کوردیدا. لەم توێژینەوەیەدا بە گشتی هەوڵدراوە ، وەسفێکی نوێی دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە ڕوی سازگەی درکاندن و شێوەی دەربڕین و جوڵانەوەی ژێکانی قوڕگ لە زمانەکەدا بکەین، هەروەها دەرکەوتن و بەکارهێنانی دەنگەکە لە نێو فەرهەنگی وشەکاندا بخەینە ڕو، هاوکات تیشک خراوەتە سەر ئەو گرفتانەی ، کە پەیوەستن بە دەنگی هەمزە [ ئـ ] ەوە ، واتە لە بارەی فۆنیمیەتی دەنگەکەوە ، هەروەها ئاماژە بەو مەرج و تایبەتمەندییانەش کراوە ، کە پەیوەستن بە بونی هەر دەنگێک لە دەنگەکانی زمان بە فۆنیم ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هۆکارانە خراوەتە ڕو ، کە بونەتە هۆی سەرهەڵدانی ڕاو بۆچونی جیاواز لە نێو شارەزا و زمانەوانە کوردەکاندا ، بۆ ئەم مەبەستە لە ناوەرۆکی توێژینەوەکەدا هەوڵدراوە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، کە تایبەتن بە دەنگی هەمزە [ ئـ ] و چۆنیەتی هەڵکەوت و باری دەنگەکە لە زمانەکەدا ، ئەنجامی توێژینەوەکەش لە چەند خاڵێکدا خراوەتە ڕو.

**کلیلە وشەکان:** ڤاوڵ هەڵگر، دەستپێکەر، هاوەڵ بزوێن.

## پێشەکی :

هەندێ دیاردەیی دەنگیی لە زمانێکدا هەیە ، کە مەرج نییە هەمان دیاردە لە زمانێکی تردا هەبێت ، بەڵکو ئەم دیاردانە زیاتر لە میانەی توێژینەوەکانی زمانەوانیی بەراورددا دەکەونە بەر باسوخواس ، بۆ نمونە لەئاستی دەنگدا ، بونی دەنگێک لە زمانێکدا و نەبونی هەمان دەنگ لە زمانێکی تردا ، یاخود بە فۆنیم بونی دەنگێک لە زمانێکدا بە فۆنیم نەبونی هەمان دەنگ لە زمانێکی تردا ، چونکە مەرج نییە ، بونی دەنگێک لە زمانێکدا پلەی فۆنیمیەت بەو دەنگە ببەخشێت لە زمانێکی تردا ، بەهۆی جیاوازیی و پێویستیی و تایبەتمەندیی هەر زمانێک لە ڕوی فۆنتاکتیک و سیما فۆنۆلۆژییەکان و قالبەکانی ڕۆنانی برگە لە زمانەکەدا ، کە چەندین دیاردەی دەنگیی دەخوڵقێنن ، یەکێک لەو دیاردە دەنگییانەش گریمانەی پلەی فۆنیمیەتی دەنگی هەمزە [ ئـ ] یە لە زمانی کوردیدا ، هەرچەندە ئەم دیاردە دەنگییە لە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

پەراوێزی هەندێ توێژینەوە و بۆچونی ڕاگوزەرییانەدا ئاماژەی بۆ کراوە ، بەڵام تاوەکو ئێستا لە دوتوێی توێژینەوەیەکی سەربەخۆدا نەکەوتۆتە بەرچاومان، لەو گۆشەنیگایەوە گرنگیی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی سەربەخۆمان بە پێویست زانی ، بەم شێوەیە:

**١. ناونیشانی توێژینەوەکە:-** ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ( دەنگی هەمزە لە زمانی کوردیدا ) یە.

**٢. ڕێبازی توێژینەوەکە:-** لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی ڕێبازی (وەسفی سینکرۆنیک – شیکاریی) کراوە.

**٣. ئامانجی توێژینەوەکە:-** ساغکردنەوە و خستنەڕوی بەفۆنێم بون و نەبونی دەنگی هەمزەیە لە زمانەکەدا.

**٤- ناوەرۆکی توێژینەوەکە:-** لە پێشەکی و شەش تەوەرە و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە ، تەوەرەکانیش ئەم سەرە بابەتانە لەخۆ دەگرێت :- تەوەرەی یەکەم سەرەتایەکە بۆچونە نێو بابەتەکە ، لە تەوەرەی دووەمدا دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە گۆشەنیگای بۆچونی زمانەوان و دەنگناسان لەمەڕ بەفۆنێم بون و نەبونی ئەم دەنگە لە زمانی کوردیدا خراوەتە ڕو، تەوەرەی سێیەم بەسەر دوو لق دابەشکراوە ، لقی یەکەم هەمزە لە نێوان دەنگ و فۆنیمدا باسکراوە ، لە لقی دووەمدا باسی هەمزە لە نێوان پیت و فۆنیمدا کراوە ، لە تەوەرەی چوارەم سیماکانی دەنگی هەمزە [ ئـ ] ڕونکراوەتەوە ، تەوەرەی پێنجەم دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە فەرهەنگی وشەکاندا بە گوێرەی نمونەی پێویست ڕونکراوەتەوە ، لە تەوەرەی شەشەمدا باسی ڕۆڵی دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە دەستنیشانکردنی قالبەکانی بڕگەدا کراوە .

## دەستەواژە گرنگەکان :

١- دەنگی هەمزە لە زمانە جیاوازەکاندا چەندین زاراوەی بۆ بەکاردەهێنرێت ، لەوانەش لە زمانی کوردیدا بە دەنگی هەمزە ، یان (هاوەڵ بزوێن) ناو دەبرێت ، لە زمانی عەرەبیدا بە (صوت الهمزة) و لە زمانی ئینگلیزیدا بە دەستپێکەر (Glottal Stop) و لە زمانی ئەڵمانیدا بە ڤاوڵ هەڵگر (Vokalträger) ناو دەبرێت .

٢- هێمای دەنگ[ ] ، هێمای فۆنیم / / ، هێمای پیت < >.

## ١-١ سەرەتا:

هەرچەندە ڕەوتی توێژینەوەکانی زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی ئاستەکانی زماندا پێشەوەچونێکی باشی بەخۆوە بینیوە ، بەڵام زۆرجار ساغنەبونەوەی توێژینەوەکان، زیاتر بەو هۆیەوە بووە ، کە بە پێوەری بنەماکانی زمانی بێگانە بابەتەکانی زمانی کوردییان لە سەنگی مەحەکداوە ، سەرەڕای گوێنەدان بە ڕێبازی توێژینەوەی مێژویی و ئێستایی بۆ بون و نەبونی هەمان دیاردە لە زمانی کوردیدا ، ئەمەش بە گشتی لە ئاستەکانی زماندا دەبینرێت ، بە تایبەتیش لە ئاستی دەنگدا ، بۆ نمونە : زۆر ئاساییە هەندێ دەنگ لە سەرەتای وشەدا کەمتر دەرکەون ، بەڵام لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا زیاتر دەرکەون ، وەک: لامی قەڵەو [ ڵ] و ڕێی سوک [ ر ] ، یاخود بەبێ ڕەچاوکردنی تیۆری فۆنیم و مەرجەکانی فۆنێم بڕیار لەسەر بە فۆنیم بون و نەبونی هەندێ دەنگ دراوە ، بۆ نمونە لە ڕوی مێژوییەوە دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە ناوەڕاستی وشەی کوردیدا هەبووە ، هەروەکو لە ئاڤێستادا وشەی (مئاباد) هاتووە ، کە ئێستا بە (مەهاباد) گۆدەکرێ ، بەڵام بەچەند نمونەیەک ناکرێت بەسەر تێکڕای زمانەکەدا بگشتێنرێت و بە فۆنیم دابنرێت ، هەروەها بەهۆی جیاوازی دیالێکتیکیی زمانی کوردی و هەژمونی زمانی بێگانە ، هەندێ لایەنی کێشەداری فۆنۆلۆژیی زمانەکەمان ، وەکو بون و نەبونی هەندێ دەنگ ، بۆ نمونە : [ ع ، ص ، ق ، ح] ، یان بە فۆنیم بون و نەبونی دەنگی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

[ ئـ ، نگ] لە زمانەکەدا ، کاریگەریی کردۆتە سەر ڕەسەنایەتی و ناڕەسەنی هەندێ دەنگ و جێگیرنەبونی ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی ، کە لە ئەنجامی وەرگرتنی وشەی بێگانەوە پەڕیونەتەوە نێو زمانەکە و پلەی فۆنیمیەتی چەند دەنگێک لە زمانەکەماندا، بۆ نمونە : [ ع ، غ ، نگ ، ئـ] ، هێشتا لە ژێر پرسیار دایە ، هەروەها جیاوازی نەکردن لە نێوان دەنگی پیت و ناوی پیت لە زمانی کوردیدا ، یەکێکە لەو کێشە هەنوکەییانەی ، کە هەندێ لە شارەزایانی زمانەکەی بەهەڵەدا بردووە ، بە تایبەتی لە دەستنیشانکردنی دەنگ لە زمانی کوردیدا ، بەوەی ئایا ئەم دەنگە لە زمانەکەماندا هەیە یاخود نا ؟ چونکە (( ناوی پیت جیایە لەگەڵ دەنگی پیتەکان ، بۆ نمونە کە ناو لە [ ئـ] نراوە هەمزە ، ئەم ناوە هیچ پەیوەندییەکی بە دەنگەکەوە نییە تەنانەت دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە هەمزەدا نییە .)) .( قیس کاکل توفیق ٢٠٠٧: ٨٠ ) . جیانەکردنەوەی ناوی پیت و دەنگی پیت وای لە هەندێ زمانەوان کردووە ، بگەنە ئەو ڕایەی ، کە هەمزە تەنانەت دەنگیش نییە لە زمانی کوردیدا. ئەمە لە لایەک لە لایەکی تریشەوە ، لەوانەیە ئەوانەی ئەم بۆچونەیان هەیە ، بۆ نمونەی ئیتمۆلۆژیی دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە زمانەکەدا نەگەڕابن ، بەتایبەتیش لە دەقەکانی ئاڤێستا و کتێب و دەستنوسە دێرینەکان ، هەروەها بەهۆی جیاوازی بۆچونی فۆنۆلۆژیستناسانی زمانی کوردییەوە ، لەسەر ژمارەی فۆنیمەکانی زمانەکە ، بە تایبەتیش دەنگی هەمزە و بزرۆکە ، تاوەکو ئیستاش بۆچونی چەسپاو لەمەڕ ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی نییە ! بۆ نمونە، ئەگەر دەنگی هەمزە بە فۆنیم دابنرێ ئەوە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی ناوەڕاست (٢٩) کۆنسنانت و (٧) بزوێنە ، ئەگینا (٢٨) کۆنسنانت و (٧) بزوێنە ، ئەمەش بۆ دیارینەکردنی فۆنیمەکانی زمانەکەمان دەگەڕێتەوە ، کەواتە دەنگی هەمزە لەم ڕوەشەوە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت لە دەستنیشانکردنی ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردیدا،ئەم کارە زانستییەش بەپێی تیۆری فۆنیم و تایبەتمەندییەکانی بە فۆنیم بونی دەنگ لە زماندا دەبێت ، چونکە دەستنیشانکردنی ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی ، یەکێکە لە ئاستەنگەکانی بەرەو بە ستانداردبونی زمانەکە و گیروگرفتی ڕێنوسی کوردی بەتایبەتی لە نێوان ئەلفوبێی عەرەبی (ئارامی) و لاتینیدا ، هەروەها یەکلایکردنەوەی دەنگی هەمزە [ ئـ ] بەوەی ، ئایا دەنگە، یان فۆنیمە لە زمانەکەدا ؟ دیسانەوە دەنگی هەمزە [ ئـ ] ڕۆڵێکی گرنگ لە دەستنیشانکردنی ژمارەی قالبەکانی بڕگە لە زمانەکەدا دەبینێت ، بە تایبەتیش لە بارەی هەردوو لایەنی درکاندن و ئەرکەوە . ئەوەی جێگەی تێڕامانی زیاترە سەبارەت بە دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە زمانەکەدا دەرکەوتنی زیاتری ئەم دەنگەیە لە سەرەتای وشە و کەمترین دەرکەوتنیەتی لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا ، هەروەها جێگۆڕکێی ئەم دەنگەیە لەگەڵ چەند دەنگێکی تر و تێکنەچونی واتای وشەکەیە، بەتایبەتیش لە سەرەتای وشەدا، ئەمەش سەرەڕای نەبونی حاڵەتی ئەلۆگراف (Allograph) ی ئەم دەنگە ، لە کاتی نوسینی لە کۆتایی وشەدا ، بۆ نمونە لە وشەی (نەء ، بەء) دا بە ڕونی هەستی پێدەکرێت . هەروەها گریمانەی ئەوەش لە ئارادایە ، ئەگەر دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە زمانی کوردیدا فۆنیم نەبێت ، بەڵکو دیاردەیەکی فۆنەتیکی گشتی بێت ، بەڵام بەکارهێنانی لە زمانەکەدا بۆ تایبەتمەندیی فۆنۆلۆژیی زمانەکە دەگەڕێتەوە ، بەوەی سەرەتای وشە لە زمانی کوردیدا بە دەنگی بزوێن دەستپێ ناکات ، لەم حاڵەتەشدا دەشێت وەکو دەستپێکەر (Glottal stop) ، یاخود بڵێین وەکو (هاوەڵ بزوێن) لە زمانەکەدا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ، هەروەکو ئەوەی لە زمانی ئینگلیزیدا ، بە تایبەتیش ئینگلیزی (بەریتانی) و زمانی ئەڵمانی و ... تاد بەدیدەکرێت .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## ٢-١ دەنگی هەمزە لە زمانی کوردیدا:

لەم تەوەرەیەدا هەوڵدەدەین بە بەسەرکردنەوەیەکی خێرا، بەو بابەت و باسانەدا بچینەوە ، کە لە بارەی دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە زمانی کوردیدا خراونەتە ڕو، هەروەها لە گۆشەنیگای بۆچونی زمانەوان و دەنگناسان لەمەڕ بون و نەبونی پلەی فۆنیمیەتی ئەم دەنگە لە زمانی کوردیدا دەخەینە ڕو :-

١- سەرەتا (مەسعود محەمەد) یەکێکە لەو دەنگناسانەی ، باس وخواسێکی چڕ و پڕی لە بارەی هەمزەوە نوسیوە، کە پێیی وایە (( دەنگی هەمزە لە زمانی کوردیدا لە پلەی فۆنیمدایە ، هەر چەندە لە کۆندا وێنەی بۆ دانەتاشراوە ... هەروەها پێی وایە دەنگی هەمزە یەکەم فۆنیمی ئاوازدارە و لە هەموو زمانێکدا هەیە... هەمزە بزوێن بە دوای خۆیدا دەهێنێت نەک بزوێن لە هیچەوە هەمزە خەلق دەکات و دەیخاتە پێش خۆیەوە)) .(مەسعود محەمەد ١٩٨٢: ٢٨-٢٩).
بۆ شیکردنەوەی ئەم بۆچونەی (مەسعود محەمەد) دەڵێین: بڕگەی یەکەمی بۆچونەکەی زیاتر پەیوەندی بە ڕێنوسەوە هەیە ، چونکە وەکو دەزانین تاوەکو کۆتایی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوش لە زمانی کوردیدا، ئەو وشانەی دەنگی هەمزەیان تێدابووە لە ژێر کاریگەریی ئەلفوبێی زمانی عەرەبی (ئارامی) ، بە شێوەی < ا > دەنوسران، وەکو (او ، ارام ، ادار ...) لە بری (ئاو، ئارام ، ئادار ...تاد) ، چونکە لە ئەلفوبێی زمانی کوردیدا، درەنگ وێنە (پیت) بۆ دەنگی هەمزە داتاشراوە ، تەنانەت وەکو خۆی دەڵێت : ((عەرەبەکان لە کۆنەوە (هەمزە) و (الف) یان ، بە یەک پیت (دەنگ) داناوە)) .(مەسعودمحەمەد ١٩٧٥: ٦١٩). هەروەها پێی وایە دەنگی هەمزە [ ئـ ] یەکەم فۆنیمی ئاوازدارە ، ئەم بۆچونەی زیاتر وەڵامێکیشە بۆ خۆی ، بەوەی لە سەرەتای وشەوە دێت ، نەک دەنگێکی تر، چونکە لە زمانی کوردیدا وشە بە دەنگی بزوێن دەستپێ ناکات ، بەڵام سەبارەت بەوەی ، کە دەڵێت : دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە هەموو زمانێکدا هەیە، ئەگەر مەبەستی ئەوە بێت ، کە لە زمانێکی تردا لە پلەی فۆنیمدا بێت ، لە ڕاستیدا بەهەڵەداچونێک لە ئارادایە ، چونکە بونی دەنگێک لە هەموو زمانێکدا، مەرج نییە پلەی فۆنیمیەتی بسەلمێنێت لە زمانێکی تردا ، ئەگەر تایبەتمەندییەکانی فۆنیمی تێدا نەبێت. سەبارەت بەوەی دەنگی هەمزە بزوێن بە دوای خۆیدا دەهێنێت ، نەک بەپێچەوانەوە ، چونکە ئەم دەنگە دەنگێکی کۆنسنانتە و هاتنی لە سەرەتای وشەشدا وەکو هەڵکەوتێکی تایبەت (فۆنۆلۆژیی) لە زمانەکەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە وشە لە زمانی کوردیدا بە دەنگی بزوێن دەستپێ ناکات .

٢- (ئەورەحمانی حاجی مارف) پێی وایە ((دەنگی هەمزە لە زمانی کوردیدا فۆنیم نییە ، بەڵکو دەنگێکی یاریدەدەرە و لە سەرەتای ئەو وشانەوە ،یاخود بڕگانەوە پەیدا دەبێ، کە بە بزوێن دەست پێدەکەن ، سەرەڕای تێچونی هەمزە لە وشەی لێکدراوی کوردیدا ، بۆ نمونە: گوڵ + ئاو = گوڵاو ) و بونی هەمزە بە بزوێن لەو وشانەدا ، کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون ، بۆ نمونە:
( دائم – دایم ) و بە کارنەهێنانی لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا ، ئەوە دەسەلمێنێت، کە هەمزە فۆنیم نەبێ و دەنگێکی یاریدەدەر بێ )) . (ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٨٢: ١٤) .

٣- (وریا عومەر) پێی وایە دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە زمانی کوردیدا فۆنیم نییە، بەڵکو (سروشتی نوسینی کوردیی بە ئەلف و بێی عەرەبی ئەم هەمزە < ئـ > یەیی بەسەر زمانی کوردی سەپاندووە ، هەر وەک چۆن بزرۆکە i ) ) ی لە نوسینا لە ناو بردووە).(وریا عومەر ئەمین ٢٠٠٩: ١٨) .

٤- (غازی فاتح) پێی وایە (( لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا (همزە) بە هیچ شێوەیەک بە فۆنیم دانانرێ ، چونکە لە زمانی کوردیدا تەنیا لە سەرەتا و کۆتایی وشەدا دەردەکەوێ)) .(غازی فاتیح وەیس ١٩٨٤: ٤٦) .

٥- (محەمەد معروف) پێی وایە ((کەس ناتوانێت بڵێت دەنگی هەمزە لە زمانی کوردیدا نییە ، بەڵام فۆنیم نییە ، لەبەر ئەوەی واتای وشە ناگۆڕێت )) . (محەمەد مەعروف فتاح ٢٠١٠: ٥٩) .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

٦- (ڕەفیق شوانی) پێی وایە هەمزە لە زمانی کوردیدا دەنگێکی ڕەسەنە و فۆنیمە ((دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە کوردیدا هەیە و ڕەسەنە ، هەروەها دەنگی هەمزە [ ء ] دەبێتە فۆنیم لە زمانی کوردیدا ، چونکە واتای وشە دەگۆڕێت بە گۆڕینی لەگەڵ فۆنیمی تردا ، وەک : ئەز ، بەز، ڕەز، ئاو داو، ڕاو ...تاد )). (ڕەفیق شوانی ٢٠٠٩: ٣٤) .
٧- (عبدوڵڵا حسێن) پێی وایە ((دانان و دانەنانی ئەم هەمزەیە < ئـ > لە نوسیندا، کار لە چۆنییەتی دەربڕینی وشەکە و لە واتای وشەکەش ناکات، کەواتە ئەم دەنگە فۆنیم نییە و تەنیا ئەرکی فۆنەتیکیی هەیە ، چونکە فۆنیم کورترین دەنگە ، کە واتا دەگۆڕێ ، بەم جۆرە ئەگەر فۆنیم نەبێ ، ڕەوانییە لە نوسیندا هێمایەکی وەک پیتی بۆ دابنرێ)) .( عبدوڵڵا حسێن ڕەسوڵ ٢٠١٥: ٨٦) .
٨- (جەمال نەبەز) پێی وایە ((هەمزە لە بنەڕەتدا لە زمانی کوردیدا نییە ، جا یان لەگەڵ وشەی بێگانە بەکار دەهێنرێ ، وەک: (مەئمور) یان وشە کوردییەکەی خۆمان هەندێ گۆڕانی بەسەرداهاتووە و هەمزەی تێکەوتووە ،وەک: (نەء) .)) .(جەمال نەبەز ٢٠١٤: ٣٥) .
٩- (مەکارەس) پێی وایە ((دەنگی هەمزە لە زمانی کوردیدا هەیە و دەنگێکی گلۆتاڵی وەستاوە ، وەک: لە وشەی (دەئاوسێت) و (نەء).)) . ( Maccarus1958: 20) .
١٠- (ڕەحمان ئیسماعیل) پێی وایە (( ئاشکرایە دەنگی هەمزە (?) لە زمانی کوردیدا تەنیا لە سەرەتای بزوێنەکانەوە خۆی دەردەخات و دەوری فۆنیم لە زمانی کوردیدا نابینێت ، ئەمە و بێجگە لەوە لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا ، دەنگی هەمزە (?) هیچ دەورێکی نییە وە هیچ جووتە وشەیەک لە زمانی کوردیدا نادۆزیتەوە ، کە فۆنیمیەتی ئەو دەنگە دەربخات تەنیا ئەو هەڵکەوتەی سەرەتای بزوێن و وشە هێناویەتییە ناوەوە )) . ( ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن١٩٩١: ٤٨) . بەم جۆرە دەبینین دوو بۆچونی جیاواز سەبارەت بە دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە ئارادایە، بەوەی ئایا هەمزە فۆنیمە یاخود نا ؟

**١-٣ هەمزە لە نێوان پیت و دەنگ و فۆنیمدا:**

لە پێناوی یەکلاکردنەوەی ئەرک و بونی هەمزە لە نێوان پیت و دەنگ و فۆنیم لە زمانی کوردیدا ، بە تایبەتیش لە ڕوی درکاندن و ئەرکەوە ، بە پێویستمان زانی ئەم تەوەرەیە بەسەر دوو لقدا دابەشبکەین:-

**١-٣-١ هەمزە لە نێوان دەنگ و فۆنیمدا :**

سەرەتا پێویستە لە بارەی هەمزەوە جیاوازی لە نێوان دەنگ و فۆنیمدا بکەین ، چونکە بە وردبوونەوە و شرۆڤەکردنی بۆچونی دەنگناسان لە بارەی ئەرکی هەمزە لە زمانەکەدا ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ، کە یەکێک هۆکارە سەرەکییەکانی کۆک نەبونیان بەوەی ، ئایا هەمزە دەنگە یان فۆنیمە لە زمانی کوردیدا، تێنەگەیشتنە لە چەمکی پیت و دەنگ و فۆنیم ، بە تایبەتیش لە ڕا و بۆچونە کۆنەکاندا ئەم حاڵەتە بەرچاو دەکەوێت ، چونکە لەو کاتەدا فۆنیم و دەنگ بۆ هەمان مەبەست بەکارهاتوون ، هەروەها پیت و فۆنیمیش بۆ دوو مەبەستی جیاواز، بە جۆرێک (( ئەگەرچی بیری فۆنیم لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە لە کارە زمانەوانییەکانی ئەوروپا و ئەمریکادا بە دی دەکرێ ، چونکە لە سەرەتای پەیدابونیدا پتر وەک دیاردەیەکی فۆنەتیکیی تەماشا دەکرا و بە واتای (فۆن) ی ئێستا بەکار دەبرا ، بەڵام زمانەوانی نوێ ئەمانەی ڕەتکردەوە و دەنگ و فۆنیمی لێکجیاکردەوە ، وای دانا کە هەموو دەنگێکی ئاخاوتن فۆنیم نییە... بەڵکو فۆنیم بەو دەنگانە دەوترێ ، کە لە زماندا وشە پێکدەهێنن و بە گۆڕان و لاچونیان واتا دەگۆڕن)).(ئەوڕەحمانی حاجی مارف ٢٠١٤: ٢٢٣) . کەواتە ((بە مەبەستی دەستنیشانکردنی دەنگەکانی زمان لە زمانێکی تایبەتدا ( لە سنوری فۆنۆلۆجیدا) پێویستە لەسەر بناغەی ئەرکی زمانیی و ئەرکی درکاندنی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

دەنگەکان جیابکرێنەوە)).(تالیب حسێن عەلی٢٠١٥: ٦٠) . لێرەدا دەردەکەوێ دەنگ لە خۆیدا زاراوەیەکی دوولانەیە و بەرانبەر بە زیاتر لە واتایەک دەوەستێت ، ئەویش (( واتایەکی گشتی ، مەبەست لە جۆری دەنگەکەیە وەک: جۆری نون یان ڕا یان لام ... تاد ، واتایەکی تایبەتی ، مەبەست شێوەی دەنگەکەیە بە تەنیا، بە لەبەرچاوگرتنی سیفەتی درکاندن و بیستنی دەنگەکە لە ژینگەیەکی دەنگیی دیاریکراودا)) . (کمال محمد بشر ١٩٧٥: ١٥٦) . بە واتایەکی تر فۆنیم هەڵگری زیاتر لە تایبەتمەندییەکی دەنگییە لە زمانێکی دیاریکراودا ، چونکە ((کۆمەڵە دەنگێکی جیاواز گەر لە ناو سیستەمی زمانێکا یەک نرخ پیشان بدەن، ئەم دەنگانە هەموو لەم زمانەدا یەک فۆنیم پێک دەهێنن ، بۆ هەر فۆنیمەی، بۆ مەبەستی نوسین نیشانەیێ دادەنرێ بەپیت لە قەڵەم دەدرێ ، واتە پیت دەنگ نانوێنێ، بەڵکو فۆنیم دەنوێنێ فۆنیمیش لە وانەیە کۆمەڵە دەنگێ بنوێنێ ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ، کە فۆنیم شتێکی ڕووت (مجرد) ە)) . (وریا عومەر ئەمین ٢٠٠٩: ١٠٨). کەواتە مەرج نییە لە زمانێکی دیاریکراودا هەموو دەنگێک پلەی فۆنیمبون بەدەست بهێنێت ، تاوەکو تایبەتمەندییەکانی فۆنیم لەو دەنگەدا نەبێت ، هەروەها تایبەتمەندییەکانی بە فۆنیمبون لە هەموو زمانەکان وەکو یەک نییە، کە فۆنیم بریتییە لە (( بچوکترین کەرتی وشە، کە واتا نابەخشێ ، بۆ کەرتی بچوکتر لە خۆی کەرتناکرێ . دەبێ ڕاستی سایکۆلۆژیی تێدابێت ، واتە خاوەن زمان هەست بە بونی بکات . بە گۆڕینەوەی لەگەڵ فۆنیمێکی تردا ، واتای وشە دەگۆڕێ. لە وشەکاندا لە ژینگەی جیا دەردەکەوێ، واتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشە)) .(غازی فاتێح وەیس ١٩٨٤: ٤١) و (هەژار قادر ئیسماعیل٢٠١٣: ٢٩) . بۆ شیکردنەوەی ئەم تایبەتمەندییانەی فۆنیم پێویستمان بەخستنە ڕوی نمونەیە لە زمانەکەدا،چونکە ((ئەرکی فۆنیم لە چوارچێوەی زمانێکی دیاریکراودا دەستنیشاندەکرێت)) .(تمام حسان ١٩٩٠: ١٣). سەبارەت بەوەی فۆنیم بچوکترین کەرتی وشەیە ، یاخود فۆنیم واتای نییە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە فۆنیم بچوکترین یەکەی ئاستی فۆنۆلۆژییە ، لە ئەنجامی لێکدانی فۆنیمەکانی زمانێکی دیاریکراو یەکەیەکی واتایی مۆرفیم دێتە ئاراوە. ئەم تایبەتمەندییە سەبارەت بە هەمزە دێتە دی، ئەگەر وەکو فۆنیم هەژمار بکرێت ، دەربارەی کەرت نەبونی هەمزە ، بەهۆی ئەوەی لە زمانەکەدا دەنگ چۆن دەدرکێنرێت ئاوهاش دەنوسرێت ، هەمان یاساش لەسەر دەنگی هەمزە[ ئـ ] جێبەجێدەبێت ، کە ناتوانرێت کەرتبکرێ ، بەڵام بەراوردکردنی زمانی کوردی بە زمانی عەرەبی بەهۆی ئەوەی زمانی عەرەبی پشت بە (فتحة و ضمة و کسرة) دەبەستێت ئەم کەرتبونە ئاساییە ، بۆنمونە: وشەی (ئاخ) دەکرێ شیبکرێتەوە بۆ سێ یەکەی بچوکی ، وەک: < ئـ > و < ا > و < خ > ، بەڵام هیچ یەکێکیان لەوە زیاتر شیناکرێنەوە ، بەڵکو بەشێوەی < ئـ+ سفر> ە . سەبارەت بە ڕاستی سایکۆلۆژیی دەنگی هەمزە [ ئـ ] ، لە ڕاستیدا ئەم دەنگە لە زایەڵەی دەنگەکانی زمانەکەدا بونی خۆی سەلماندووە ، هەرچەندە ئەرکی فۆنیمیش نەبینێت ، سەبارەت بە ئەرکی واتاگۆڕکێی هەمزە ، ئەم تایبەتمەندییە بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە دەنگی هەمزە [ ئـ ] دا هەیە، بۆ نمونە : (ئاو ← خاو، ئاخ ← داخ ، ئەز ← پەز...تاد)، بەڵام تایبەتمەندی دەرکەوتن لە ژینگەی جیاوازدا ، واتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا ، ئەم تایبەتمەندییە سەبارەت بە دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە ڕۆڵی فۆنیمدا لە ڕوی ئیتمۆلۆژییەوە لە وشەی زمانی کوردی و تەنانەت ئەو وشانەی لە زمانانی تریشەوە وەرگیراون نابینرێت ، بەڵکو هەمزە وەکو فۆنیمێکی واتاگۆڕ لە سەرەتای وشە و برگە لە زمانەکەدا دەردەکەوێت ، کە بە دەنگی بزوێن دەستپێدەکەن ، ئەمەش بۆ تایبەتمەندیی هەڵکەوتی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە ، کە وشە بە دەنگی بزوێن دەستپێ ناکات ، بەڵکو دەنگی هەمزە [ ئـ ] وەکو دەنگێکی یاریدەدەر، لەوانەیە بۆ سازگەی درکاندن یان شێوەی دەربڕینی ئەم دەنگە لە زمانەکەدا بگەڕێتەوە ، کە لەبری دەنگێکی تری نەبزوێن لە سەرەتای وشەدا دەربکەوێت ، ئەم تایبەتمەندییەی دەنگی هەمزە [ ئـ ] دەیسەلمێنێت (( لە زمانی کوردیدا دەنگی هەمزە [ ئـ ] فۆنیم نییە ، بەڵکو دەنگێکی یاریدەدەرە و لە سەرەتای ئەو وشە و برگانەوە پەیدا دەبێ، کە بە بزوێن دەستپێ دەکەن)) .(ئەوڕەحمانی حاجی مارف ١٩٨٢: ١٤)، بۆ نمونە: (ئارماس ، ئێمە ، ئیمان ، ئۆف ...تاد) ، چونکە تایبەتمەندیی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

فۆنۆلۆژیی زمانەکە، ڕێگە نادات بەشێوەی (- ارماس ، - ێمە ، - یمان ، - ۆف ...) گۆبکرێن و بنوسرێن ، بەڵام لە زمانی کوردیدا دەرکەوتنی دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە ئەرکی فۆنیمدا لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا بە دەگمەن دەبینرێت ، ئەمەش وادەکات ئەم دەنگە فۆنیم نەبێت لە زمانەکەدا ، بۆ نمونە: لە ناوەڕاستی وشەدا (مئاباد) ، (( بئاخێوە ، بئەنگێوە ، دەتئەزموم...)).(مەسعودمحمد ١٩٨٢: ٣١) . دیارە نمونەکانیش زیاتر لە وشەی ناسادەن ، لە کۆتایی وشەشدا جگەلە وشەکانی (نەء ، بەء) لە ئێستادا هیچ وشەیەکی تری کوردی نابینرێت ، ئەم دەنگەی لە کۆتاییدا دەرکەوێت ، کەواتە دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە زمانەدا دەنگە ، نەک فۆنیمێکی تەواو ، نمونەی ئەم دیاردە فۆنۆلۆژییە جگەلە زمانی کوردی لە زۆر زمانی تردا هەیە، کە لە سەرەتا یان ناوەڕاست یان کۆتایی وشەدا بە دەگمەن دەربکەون، بۆ نمونە: (( لە زمانی ئینگلیزیدا دەنگی [ ژ] لە زۆر وشەدا هەیە ، بەڵام پلەی فۆنیمی نییە ، چونکە وشەیەک نییە لە زمانەکەدا بە دەنگی[ژ] دەستپێبکات ، هەرچەندە لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا ، وەکو دەنگ هەستی پێدەکرێت ، بۆ نمونە: ( Pleasure ،Television ) ، بەڵام لە ئەلفوبێی ئینگلیزیدا پیتی تایبەتی نییە، هاوکات لە کلیلی دەنگەکانی زمانی ئینگلیزیدا هێمای [ ٣ ] بۆ دانراوە)) .(عبدالخالق احمد عزیز ١٩٨٥: ٤٠) . بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا دەنگی لامی قەڵەو[ ڵ ] و دەنگی ڕێی سوک [ ر] لە سەرەتای وشەدا بە دەگمەن دەردەکەون ، کەچی لە پلەی فۆنیمدان لە زمانەکەدا ، بۆیە دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە واتاگۆرکێی وشەدا نییە ، چونکە مەرج نییە هەموو دەنگێک لە زماندا وێنەی بۆ دابتاشرێ و فۆنیم بێت ، هەمان بابەت سەبارەت بە دەنگی هەمزە [ ئـ ]ش هەروایە ، کە دەنگێکە لە زمانەکەدا و لە زۆربەی زمانەکانی جیهانیشدا هەیە ، بۆ نمونە: دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و کوردیدا هەیە ، بەڵام لە هیچ یەکێک لەو زمانانەدا لە پلەی فۆنیمدا نییە ، چونکە سەرجەم تایبەتمەندییەکانی فۆنیمی تێدا نییە. بەڵکو دەنگی هەمزە [ ئـ ] هەڵگری چەمکی فۆنیمە ، یاخود فۆنیم ئاسا ڕەفتار دەکات لەم زمانانەدا، بۆیە لە ژمارەی فۆنیمەکانی ئەم زمانانە هەژمارناکرێت و تەنیا ئەرکی دەنگێکی یاریدەدەر دەبینێت ، بە تایبەتیش یارمەتی دانی بزوێنی سەرەتای وشە ، چونکە لە زۆربەی زمانەکاندا ناتوانرێ بزوێن لە سەرەتادا گۆبکرێت ، ئەگەر کۆنسنانتێک ، یان نیمچە بزوێنێک نەبێتە یاریدەدەر، بۆ نمونە: (( لە زمانی ئینگلیزیدا ، وشەکانی (Orange–Able–Egg) بە شێوەی خوێندنەوەی (ئۆرەنج، ئەیبڵ، ئێگ) گۆدەکرێن ، کە بە دەنگی بزوێنی [ E– A– O ] دەستیانپێکردووە، لە سەرەتای هەریەکێکیان دەنگی یاریدەدەری[ ئۆ – ئە – ئێ ] هەیە ، لە زمانی ئەڵمانیشدا ، بۆ نمونە: وشەکانی ( und–acht –ich –er) بە شێوەی خوێندنەوەی (ئیش واتە(من)، ئاخت واتە (هەشت) ، ئوند واتە (وە) گۆدەکرێن، کە بە دەنگی بزوێنی [e-u-a-i ] دەستیانپێکردووە ، لە سەرەتای هەریەکێکیان دەنگی یاریدەدەری [ ئیـ – ئا– ئو– ئە ] هەیە. تەنانەت لە سەرەتای وشەی زمانی عەرەبیشدا ، کە دەنگی هەمزە [ ئـ ] پلەی فۆنیمی هەیە لەو زمانەدا ، بۆ نمونە: وشەکانی( ألم– أدروس – إما ) بە شێوەی خوێندنەوەی ( ئەلەم ، ئودروس ، ئیما ) گۆدەکرێن ، کە بە دەنگی بزوێنی [ ه (فتحة)– و (ضمة)– یـ (کسرة) ] دەستیانپێکردووە ، لە سەرەتای هەریەکێکیان دەنگی یاریدەدەری [ ئە – ئو– ئیـ ] هەیە)) .(عبدالخالق احمد عزیز ١٩٨٥: ٤٠) ، چونکە (( لە زمانی ئینگلیزیدا هەر ڤاوڵێک بکەوێتە سەرەتای وشە یان بڕگە دەنگێکی گەرویی وەستاو ( Glottal Stop) پێشی دەکەوێت ، بێ ئەوەی هیچ وێنەیەکی لە ئەلفوبێی زمانی ئینگلیزیدا هەبێت ، جگەلە حاڵەتی گۆکردن ( Pronunciation ) دا نەبێت ، کە هێمای (?) بۆ دانراوە ، هەروەها لە زمانی ئەڵمانیدا بەم دەنگی هەمزە [ ئـ ] یە دەوترێت ڤاوڵ هەڵگر (Vokalträger) )) .(کمال فوئاد٢٠١٣: ١٦) . ئەمەش بەهۆی ئەوەی دەنگی هەمزە [ ئـ ] تەنیا دەنگێکی یاریدەدەرە و ئەرکی بە ڕەوانیی گۆکردنی دەنگە بزوێنەکان دەبینێت ، لە سەرەتای وشە و بڕگەدا .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## ١-٣-٢ هەمزە لە نێوان پیت و فۆنیمدا:

داتاشینی پیت بۆ دەنگی هەمزە لە زمانی کوردیدا ، بۆ تایبەتمەندیی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە ، کە سەرەتای وشەی کوردی بە دەنگی بزوێن دەستپێناکات،چونکە ئەم دەنگە لە زمانی کوردیدا شێوەی نوسین (Allograph) ی نییە ، کە ئەمەش یەکێکی ترە لەو هۆکارانەی ڕەوایەتی بە فۆنیم نەبونی ئەم دەنگە لە زمانی کوردیدا دەخاتە ڕو ، چونکە لە سەرەتای وشەدا شێوەی < ئـ > ، وەک : لە نوسینی (ئاو) دا ، لە ناوەڕاستی وشەدا شێوەی < ئـ > ، وەک لە نوسینی (مئاباد) دا ، لە کۆتایشدا شێوەی < ء > وەردەگرێت، وەک: لە نوسینی (نەء) دا. ئەم هۆکارە وایکردووە هەندێ زمانەوان لەگەڵ داتاشینی (پیت) نەبن بۆ ئەم دەنگە . ((دەنگی هەمزە دەبوایە نیشانە بەرامبەری دانەنرایە ، لەگەڵ ئەوەشدا ، کەس ناتوانێت بڵێت: دەنگەکە نییە لە کوردیدا ، زۆر ئاشکرا و بەڵگە نەویستە ، کە ئەم دەنگە لە پلەی فۆنیمدا نییە و شوێنەکانی بە ئاسانی بە یاسایەکی فۆنەتیکیی دیاریدەکرێت… لەوانەیە دانانی نیشانە بۆ ئەم دەنگە لەوەوە هاتبێت ، کە هەندێک دەنگی کۆنسنانت لە سەرەتاوە بەبێ کورسی هەمزە زۆر بە زەحمەت دەلکێن بە دەنگەکانی دواوەیان . بۆ نمونە: (ئەو) دەبێت بە ( ە و) بنوسرێت) و ڕەنگە هەر ئەم هۆیەش (نەک نەزانینی پلەی دەنگەکە) ئەم لادانەی هێنابێتە کایەوە ، چونکە ڕێنوسە هەرەکۆنەکان نیشانەیان بۆ دەنگی (هەمزە) دانەناوە ئەم وشانەیان بەم جۆرەی خوارەوە نوسیوە ، بۆ نمونە وشەکانی (ئەمە/ ئەوە، ئیش، ئاسان…) لە ڕێنوسی کۆندا بەم شێوەیە نوسراون (امە/ اوە ، ایش، اسان…)) .(محمد معروف فتاح٢٠١٠: ٥٩–٦٠) . لەم تەوەرەیەدا ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە ، دەنگی هەمزە [ ئـ ] پلەی فۆنیمی نییە لە زمانی کوردیدا ، بەڵکو هەمزە دەنگێکە لە زایەڵەی دەنگەکانی زمانی کوردیدا ، سەبارەت بە داتاشینی پیت بۆ ئەم دەنگەش زیاتر پێویستییەکی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی و پەیوەندی بە جۆری ئەو ئەلفوبێیەوە هەیە ، کە بۆ ئەلفوبێی زمانەکە لە پارچەکانی کوردستان خواستراوە ، چونکە لە ئەلفوبێی لاتینیدا ، هیچ پیتێک بۆ ئەم دەنگە دانەتاشراوە ، کە ڕێنوسی کوردانی باکوری و ڕۆژئاوای کوردستانە.(( نوسینی لاتینیش ، کە بایەخی بە دەنگی هەمزە نەداوە مەسەلەکە سەهوکردن نییە، بەڵکو ئەوەیە کە هەمزە (دەنگ) ە و (فۆنیم) نییە ، وەک پێشتریش ڕوونمانکردەوە، هەموو دەنگێک فۆنیم نییە و نیشانەش بۆ ئەو دەنگانە دادەنرێت ، کە فۆنیم بن)) .(ئەوڕەحمانی حاجی مارف ١٩٨٢: ١٤–١٥) . بە بۆچونی ئێمە داتاشینی پیت بۆ دەنگی هەمزە[ ئـ] لە ئەلفوبێی کوردی ناوەڕاستدا ، جگەلەوەی پەیوەندی بە ئەلفوبێی زمانی عەرەبییەوە هەیە، کە ئەلفوبێی زمانەکەمانی لێوەرگیراوە ، بەڵکو داتاشینی پیت بۆ دەنگی هەمزە پێویستیەکی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردییە و لە بەهای فۆنیم نەبونی دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە زمانەکەدا کەمناکاتەوە ، (( نەبونی هەمزە لە زمانی کوردیدا بە فۆنیمێکی سەربەخۆ ئەوە ناگەیەنێ، کە دەبێ < ئـ > لە ڕێنوسی کوردیدا نەبێ، بەڵکو < ئـ > لەم زمانەدا بووە بە وێنەیەکی تایبەتی و لابردنی وەکو هەڵکەندنی خشتێکە لە دیوارێکدا و دەبێتە هۆی دروستبونی کەلەبەرێک لە ڕێنوسی کوردیدا)) .(غازی فاتح وەیس١٩٨٤: ٤٦) . کەواتە پەیدابونی دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە سەرەتای ئەو وشە و بڕگانەی، کە بە بزوێن دەستپێ دەکەن دیاردەیەکی فۆنەتیکییە ، بەڵام داتاشینی پیت بۆ ئەم دەنگە لە زمانەکەدا پێویستییەکی فۆنۆگرافۆلۆژییە ، چونکە بزوێن لە سەرەتای وشە گۆناکرێت ، هەروەها لە زمانەکەدا وشە چۆن گۆدەکرێت ئاوهاش دەنوسرێت ، بە پێچەوانەی زۆر زمانی تر، کە بزوێن لە سەرەتای وشەوە گۆناکرێت ، بەڵام دەنگێکی یاریدەدەری وەکو هەمزە[ ئـ ] لە پێش بزوێنەکەوە گۆدەکرێت ، ئەگەر (پیت) یشی لە ئەلفوبێی ئەو زمانانەدا بۆ دانەتاشرا بێت ، بۆ هەڵبژاردنی ئەو ڕێنوسە دەگەڕێتەوە ، کە ئەلفوبێی ئەو زمانانەی پێدەنوێنرێت ، باشترین نمونەش زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزییە، بەڵام ئەم دوو زمانە ، کە هیچ پیتێکیان بۆ دەنگی هەمزە [ ئـ ] دانەتاشیوە، جگەلە وێنەیەکی فۆنەتیکیی بەشێوەی (?) لە زمانی ئینگلیزیدا ، بەگشتی بۆ بەکارهێنانی ڕێنوسی لاتینی دەگەڕێتەوە ، ((ئەوەی شایەنی باسە نەک هەر لە زمانی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

کوردیدا ، بەڵکو لە زۆربەی زمانەکاندا ناتوانرێ بزوێن لە سەرەتای وشەوە گۆبکرێت ، ئەگەر کۆنسنانتێک وەیا نیمچە بزوێنێک نەبێتە یاریدەدەر)) .(عبدالخالق احمد عزیز ١٩٨٥: ٤٠). لێرەدا ئەو بۆچونە ئاوەژو دەبێتەوە ، کە پێی وایە پێویستە لە زمانێکی دیاریکراودا ، تەنیا پیت بۆ ئەو دەنگانە دابتاشرێت ، کە پلەی فۆنیمییان هەیە لە زمانەکەدا ، چونکە داتاشینی پیت بۆ دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە زمانەکەدا ، کە پلەی فۆنیمیی نییە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت . ئەگەر دەنگی هەمزە بەئەلەفۆن دابنرێت ،پێویستە لە بیرۆکەی ئەلەفۆن بگەین ،((دەتوانین ئەو دەنگانەی فۆنیمێک پێک دێنن هەموویان بخەینە ژێر باڵی فۆنیمێکەوە و بە هەریەکەیان بڵێین ئەلەفۆن )) .(محمدمعروف فتاح٦٩:٢٠١٠) .کەواتە ئەلەفۆن کۆمەڵە دەنگەێکە کە فۆنیمێک دەنوێنن.سەبارەت بەو بۆچونەش، کە پێی وایە هەمزە دەبێتە ئەلەفۆنی فۆنیمی پاش خۆی ، ئەم بۆچونە بەچەند بەڵگەیەک ئاوەژو دەبێتەوە ، یەکەمیان ئەوەیە کە لە زمانی کوردیدا هەمزە دەنگە و فۆنیمێکی تەواو نییە، کەواتە ئەلەفۆن بونی دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە چ مەرجێکی ئەلەفۆنەوە سەرچاوەی گرتووە ؟ کە بریتیین لە ((یەکەم لێکچونی دەنگیی: کە بابەتێکی ڕێژەییە،واتە دوو دەنگ هەر لێکدەچن،چ لە ڕوی شێوە یان سازگەی درکاندن ، بەڵام دەنگی هەمزە ئەم مەرجەی تێدانییە ، دووەم دابەشبونی تەواوکەریی: کە پێویستە ئەلەفۆنەکانی فۆنیمێک لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشە دەرکەون ، ئەم مەرجەش لە دەنگی هەمزەدا نییە و سێیەم گۆڕانی ئازاد: واتە ئەلەفۆنەکانی فۆنیمێک بتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە ، ئەم مەرجەش لە هەمزەدا نییە )).(تالیب حوسێن عەلی٢٠١٥: ٥٥-٥٧). ، دووەمیان ئەی بۆچی لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا، نمونەی ئەلەفۆن بونی هەمزە لە زمانەکەدا نابینرێت.سێیەم ئەوانەی پێیان وایە هەمزە ئەلەفۆنە لەوەدا بەهەڵەداچوون ، کە گوایە دەنگی هەمزە بزوێن بە دوای خۆیدا دێنێت، چونکە هەندێ زمانەوان لە ڕوانگەی فۆنیمەوە دەنگی هەمزە [ ئـ ] بە ئەلەفۆنی بزوێنەکانی دوای خۆی دادەنێن ، بەڵام لە ڕاستیدا کورد، دەنگی هەمزەی بە شێوازی < ئـ > بەکارهێناوە و بڕِیاری داوە ، وەکو کۆنسنانتێک چاوی لێبکات ، بۆ ئەوەی نەهێڵێت دوو بزوێن بە دوای یەکتردا بێن ، بۆ نمونە: (– تۆ ئازادی ؟ لە وەڵامدا – نا ئارامم ) ، یان بزوێن لە سەرەتای وشەدا بنوسرێن، بۆ نمونە: (ئۆخەی ، ئێجگار... تاد) ، تەنانەت لە زمانی ئەلمانیشدا دەنگی هەمزە [ ئـ ] هاوشانی دەنگە بزوێنەکان دەدرکێنرێت و بە ڤاوڵ هەڵگر (Vokalträger) ناو دەبرێت. هەروەها لە زمانی ئینگلیزیشدا ، کە دەنگی هەمزە پلەی فۆنیمی نییە ، بە ( Glottal Stop ) ناو دەبرێت ، بە تایبەتیش، کە بزوێن (Vowel) دەکەوێتە پێش دەنگە وەستاوە کپەکان لەم زمانەدا ، دەنگی هەمزە [ ئـ ] دەبێتە هۆی کۆتایی پێهاتنێکی کتوپڕی ڤاوڵەکەی پێشیان، بۆ نمونە: لە وشەکانی (-Bottle – Letter Not) دا ، کە لە حاڵەتی (Pronunciations) دا بە شێوەی ( ?Ba?l – Le?r-Na ) دەردەکەوێت ، کەواتە لە زمانی ئینگلیزیشدا ئەم دەنگە لەگەڵ دەنگی بزوێندا دەردەکەوێت ، بەڵام جیاوازی لەگەڵ زمانی کوردیدا ئەوەیە ، کە لە زمانی ئینگلیزیدا دەنگی هەمزە [ ئـ ] لەگەڵ دەنگە وەستاوە کپەکاندا دێت ، کەچی لە زمانی کوردیدا ئەم دەنگە لەگەڵ دەنگە گڕەکاندا دێت.

لە جیاوازی نێوان پیت و دەنگ و فۆنیمدا ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە ، کە مەرج نییە هەموو دەنگێک لە زمانێکدا پیتی بۆ دابتاشرێ و پلەی فۆنیمی وەربگرێت ، بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنی ئەلفوبێی زمانەکە، بۆ نمونە : نەبونی بزرۆکە، لە ئەلفوبێی زمانی کوردی دیالێکتی ناوەڕاستدا ، کە لە ئەلفوبێی زمانی عەرەبی (ئارامی) یەوە وەرگیراوە ، لە ئەلفوبێکەدا وێنە (پیت) ی بۆ دانەتاشراوە ، ئەم حاڵەتەش لە زۆر زماندا بە دیدەکرێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## ٤-١ سیماكانی دەنگی هەمزە لە زمانی كوردیدا

مەبەست لە سیماكانی دەنگی هەمزە [ ئـ ] ، دیاریكردنی سازگەی دركاندن و شێوەی گۆكردن و هەڵوێستی ژێكانی قوڕگە لە كاتی دركاندنی ئەم دەنگەدا ، چونكە (( هەمزە دەنگێكی كۆنسنانتە و دەنگە كۆنسنانتەكانیش بەپێی ئەم سێ بنەمایە پۆلێندەكرێن، بۆیە لە ڕوی سازگەی دركاندنەوە ، دەنگی هەمزە [ ئـ ] بەگشتی دەنگێكی قوڕگییە ، بەڵام بە شێوەیەكی تایبەتی ئەم دەنگە لە بەشی سەرەوەی قوڕگ بە هاوكاری زمانە بچكۆڵە و كۆتایی بۆشایی گەرو بەرهەمدێت ، ئەمەش بۆ سروشتی ئەم دەنگە دەگەڕێتەوە، كە ڕۆڵی هاوسەنگی دەبینێت لە زنجیرەی ئاخاوتندا، چونكە زمانە بچكۆڵە (Uvula) ئەو پارچە گۆشتەیە، كە سەرپەرشتی (كۆنترۆڵی) ڕێگەی هەناسە دەكات لە گەرودا)) .( تاڵیب حوسێن عەلی٢٠١٥: ٢١) . بەو پێیەی دەنگی هەمزە [ ئـ ] ڕۆڵی هێنانەوەی هاوسەنگی دەبینێت ، بۆیە ((هەر كاتێ بزوێن كەوتە سەرەتای وشە، دەنگی هەمزە دروست دەبێ، لە گۆكردنی بزۆێندا، دەم كراوەیە و هەوا بەبێ بەربەست لە دەم دێتە دەرەوە ، ئەگەرچی بزوێنەكان گڕن ، واتە ژێیكانی قوڕگ دەلەرێنەوە ، بەڵام ئەمە نابێتە بەربەست ، بۆیە ئەگەر بزوێن كەوتە سەرەتای وشە ، پێویستی بە بەربەستێك دەبێ تاوەكو هەواكە بگرێتەوە ، ئەگەرنا پێش ئەوەی قسەكەر دەست بە گۆكردنی وشەكە بكات ، زۆربەی هەوای پەنگ خواردوی سییەكان دێتە دەرەوە و كرداری تەواوكردنی وشەكە گران دەبێ... لێرەدا دەنگی هەمزە [ ئـ ] وەكو دەمگر(صمام-valve ) ێك دروست دەبێ ... ڕێگەی هەوا نادا لە خۆیەوە بێ سود بێتە دەرەوە ، بۆ ئەوەی هەواكە پاشەكەوت بێ و بۆ گۆكردنی وشەكە و بەشی ئاخاوتنەكە بكات)).(عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ٢٠١٥: ٨٤-٨٥). هەروەها لە ڕوی شێوەی دركاندنی دەنگی هەمزە [ ئـ ] ەوە ، زمان ڕۆڵێكی ئەوتۆی نییە لە دركاندنیدا ، بەڵكو (( ڕۆڵی زمان لە دركاندنیدا ئەوەیە، كە لە نێو زاردا نزم دەبێتەوە ، بەڵام بە مەلاشوی سەرەوە نالكێت ، واتە لە نێوان زمان و مەلاشودا گێرانەوەیەك دەبێت و تاڕادەیەك تەسكبونەوە لە بۆشایی زاردا ڕو دەدات ، هەروەها لە بەرهەمهێنانی دەنگەكەدا هەست بە پاڵە پەستۆیەك دەكرێت ، لە ئەنجامی ئەو هێزەی پشتی پێ دەبەسترێت ، واتە بە داخستن و نزیكبونەوەی هەردوو لایەنی گەرو لە كاتی دركاندنی ئەم دەنگەدا، ئەمەش دەبێتە هۆی بەندكردن (حبس) ی دەنگەكە و بەمەش ژێكانی قوڕگ بە تەواوی دێنەوە یەك لە كاتی دركاندنیدا و ناهێڵێت هەوا بە گەرودا تێپەڕێت پاشان ژێكانی قوڕگ دەكرێنەوە و هەوا لە پڕ دەردەچێت ، بەمەش لە ڕوی شێوەی دركاندنەوە دەنگی هەمزە [ ئـ ] وەكو دەنگێكی وەستاو (گیر) دەردەكەوێت ، سەبارەت بە هەڵوێستی ژێكانی قوڕگ لە باری دركاندنی ئەم دەنگەوە ، بەهۆی سیفەتی لە پڕیی (انفجاری) ییەوە ، كە دەنگی هەمزە [ ئـ ] دەنگێكی گیری قوڕگییە (انفجاری حنجری- Glottal Stop) واتە ئەو دەنگەیە ، دەرچەی زوڕنای لەگەڵدا دادەخرێ ، پاشان لە پڕ هەواكە بەڕەڵا دەكرێ، ئەم كارەش دەبێتە هۆی دروستبونی هەمزەی دابڕ)) .(تاڵیب حوسێن عەلی٢٠٠٥: ٧٦). بەهۆی ئەوەی دەنگی هەمزە [ ئـ ] ش دەنگێكی كۆنسنانتە، ((كۆنسنانتەكانیش بەپێی چۆنیەتی دروستبونیان دەبن بە دوو بەشی گەورە:- بەربەست و بەردەوام ، لە كاتی دروستبونی دەنگە بەربەستەكاندا (بە ئینگلیزی Stops ) ئەندامەكانی دركاندن بە تەواوی ئەچنە سەریەك ، هەوا بۆ ماوەیەك پێشی لێ دەگیرێ و تەنیا لە كاتی بەڕەڵابونیدا ئەو دەنگەی ویستراوە پەیدا ئەبێت ، ئەم دەنگانە پێشیان ئەوترێت داخراو ( Plosive )، گیراو( bstruent٠) ، تەقیو (explosive ) ، ئەمانیش بە پێی بەشداربونی تارە دەنگییەكان (ژێكانی قوڕگ) لە دروستبونیاندا دەبن بەسێ بەشەوە :

١- ئەو دەنگانەی لە كاتی دەربڕینیاندا تارە دەنگییەكان دەلەرێنەوە (بە ئاوا/ voiced ) ، وەك دەنگی یەكەم لەم وشانەی خوارەوەدا: بارbar ، دار dar ، جار jar ، گوڕ gur .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

٢- ئەو دەنگانەی لە کاتی دەربڕینیاندا تارە دەنگییەکان نالەرێنەوە (بە ئاوا/ voiceless ) ، وەک دەنگی یەکەم لەم وشانەی خوارەوەدا: پارpar ،تار tar ، چار car ،کوڕ kur .

٣- بێ لایەن (neutral) ، وەک دەنگی یەکەم لەم وشەیەدا: قوڕ qur ، هەروەها هەمزە (ئـ) کە لە کوردیدا تەنیا لە سەرەتای وشەدا پێش ڤاوڵەکان بەدی دەکرێت)) .(کمال فوئاد٢٠١٣: ١٩-٢٠) . لێرەدا دەردەکەوێت هەمزە دەنگێکی بێ لایەنە، بە واتایەکی تر دەنگی هەمزە [ ئـ ] نە (گڕ) ە و نە (کپ) یشە ، وەک هەندێ زمانەوان بە هەڵە بۆی چون ، لە وانەش (مەسعود محمد ١٩٨٢: ٢٩) کە بە دەنگێکی ئاوازدار (گڕ)ی داناوە ، هەروەها (نەسرین فەخری١٩٧٧-١٩٧٨: ١٤) . بە دەنگێکی (کپ)ی داناوە)). سەبارەت بە دەنگی هەمزە [ ئـ ] ، کە لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا هەیە ، بەڵام زیاتر وەکو دەنگێکی یاریدەدەر دەردەکەوێت ، نەک فۆنیم ، وەکو لە زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و کوردی... تاد ، کەواتە (هەمزە) دەنگێکی یاریدەدەرە بۆ هاوسەنگکردنی یاساکانی دەنگ و ڕێکخستنی زایەڵەی گۆکردن. بە تایبەتیش لەگەڵ دەنگە بزوێنەکان دەردەکەوێت ، جا چ لە سەرەتای وشەوە بێت ، وەکو زمانی کوردی و ئەڵمانی ، یاخود لە ناوەڕاستی وشەدا بێت ، وەکو زمانی ئینگلیزی. هەر ئەم هۆکارەشە ، کە وایکردوە لە زمانی کوردیدا زاراوەی (هاوەڵ بزوێن) بۆ ئەم دەنگە دابتاشرێت.

## ٥-١ دەنگی هەمزە لە فەرهەنگی وشەکاندا

لە ئەنجامی ڕۆچون و وردبونەوە لە ڕەچەڵەکی وشەکانی زمانی کوردیدا لە ڕوی ئیتمۆلۆژییەوە، دەتوانین گریمانەی بون و نەبونی دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە زمانەکەدا بسەلمێنین ، بە تایبەتیش لە زمانی ئاڤێستادا ، کە بەڵگەیەکی سەلمێنەرە لەمەڕ دەنگی هەمزە [ ئـ ] و ڕەوایەتی بونی ئەم دەنگە لە زمانەکەدا دەسەلمێنێت ، ئەمەش ئەو بۆچون و گومانانە دەڕەوێنێتەوە ، کە لە بارەی بونی هەمزە وەکو دەنگ لە زمانەکەدا خراونەتە ڕو (( لە ئاڤێستادا نمونەی ئەو وشانە زۆرترە ، کە بە دەنگی هەمزە [ ئـ ] دەستپێدەکەن ، بە بەراورد بە دەنگەکانی تر، بۆ نمونە: ( ئاپ ، ئاپەنگ ، ئاتەر، ئاخشتی، ئاتەرپات ، ئارەم... تاد.)) .(محەمەدئەمین هەورامانی١٩٨٧: ١٩-٢٦). ئەوەی شایەنی باسە دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە ئاڤێستاشدا ، تەنیا لە پێش دەنگی بزوێنەوە دێت لە سەرەتای وشەی سادەدا ، ئەمەش بۆ تایبەتمەندیی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە ، کە دەنگی بزوێن لە سەرەتای وشەدا دەرناکەوێت ، کەواتە هەمزە دەنگێکی ڕەسەنە لە زمانەکەدا ، بەڵام دەرنەکەوتنی لە ناوەڕاست و کۆتایی وشدا ، ڕۆڵی دەنگێکی یاریدەدەری پێدەبەخشێت ، بەپێچەوانەی ئەو بۆچونانەی ، کە پێیان وایە ئەم دەنگە بە کاریگەری زمانی عەرەبی هاتبێتە نێو زمانی کوردییەوە ، لە کاتێکدا زمانی کوردی و عەرەبی لە دوو خێزانە زمانی جیاوازن ، بەڵام ئەوەی ئەم بابەتەی ئاڵۆزترکردووە ، جیاوازی نەکردنە لە نێوان پیت و دەنگ لە لایەک ، لە لایەکی تر گوێنەدانە بە ئەلفوبێی زمانی کوردی ، کە لە ئەلفوبێی زمانی عەرەبی (ئارامی) یپەوە وەرگیراوە ، بۆیە داتاشینی پیت بۆ دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە زمانەکەدا بۆ کاریگەری ئەلفوبێی زمانی عەرەبی (ئارامی) دەگەڕێتەوە ، چونکە ئەگەر ئەلفوبێی لاتینیمان بە کاربهێنایە ئەوا هیچ پیتێک نەدەبو، هەمزە بنوێنێت ، چونکە لە ئەلفوبێی لاتینیدا دەنگی هەمزە [ ئـ ] پیتی بۆ دانەتاشراوە ، (( وەرگرتنی هەمزە لە زمانی عەرەبیدا وەکو پیتێکی نوسین ، نەک وەکو دەنگ ، بە کارهێنانی لە زمانی کوردیدا شتێکی تازەیە ، ئەگەر چاوێک بە نوسینە کۆنەکاندا بخشێنین ، ئەو وشانە بەرچاودەکەون ، کە بە دەنگی هەمزە [ ئـ ] دەستیانپێکردووە ، بەشێوەی ێ ، یا أ نوسراون ، بۆ نمونە: ( أو = ئاو ، أو = ئەو ... تاد )).(عبدالخالق احمد عزیز١٩٨٥: ٤١). بۆیە لە (( نوسینەکانی پێش ساڵی ١٩٢٨، نیگاری هەمزە بە شێوەی پیتی < ئـ > نابینرێ ، بەڵام لە دواییدا بە لاسایکردنەوەی سەر و ژێر و بۆر ( فتحة وکسرة وضمة) ی عەرەبی، کە بۆ یەکەمجار لە لایەن (سعید صدقی کابان) ەوە نوسراوی (مختصر صرف و نحوی کوردی) لە ساڵی ١٩٢٨ دا بڵاوکرایەوە ، لەم نوسراوەدا


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

پیتەکانی زمانی کوردی بە تەواوی دەرخستووە ، لە بریتیی (سەر وبۆر و ژێر)، هەندێ نیشانە و حروفی تایبەتی داناوە ، کە ئەمانەن : < ئە = أ ، پ = پێ ،چ = چێ ، ژ= ژێ ، ڤ= ڤێ ، گ=گاف ، ڵ=ڵام ، ۆ=واوی کراوە، وو=واوی درێژ، ێ=یای کراوە ، یی = یای درێژ > )).(حامید فەرەج١٩٧٦: ١٨-١٩) . هەروەکو ئاماژەمان پێکرد، لە زمانەکەدا هەر کاتێ بزوێن کەوتە سەرەتای وشە ، دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە پێشییەوە دروست دەبێت ، چونکە لە گۆکردنی بزوێندا ، دەم کراوەیە و هەوا بەبێ بەربەست لە دەم دێتە دەرەوە ، ((ئەگەرچی بزوێنەکان گڕن ، واتە تاڵە ژێیەکانی قوڕگ دەلەرێنەوە ، بەڵام ئەمە نابێتە بەربەست ، بۆیە ئەگەر بزوێن کەوتە سەرەتای وشە، پێویستی بە بەربەستێک دەبێ تاوەکو هەواکە بگرێتەوە، ئەگەرنا پێش ئەوەی قسەکەر دەست بە گۆکردنی وشەکە بکا، زۆربەی هەوای پەنگخواردوی سییەکان دێتە دەرەوە و کرداری تەواوکردنی وشەکە گران دەبێ، ئەم دیاردەیە لە زمانەکانی تریش هەیە)) .(عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ ٢٠١٥: ٨٤) ، بۆ نمونە:

ئاهەنگ ، ئەژی، ئۆخەی، ئێنێ، ئیش، ئوتی ... تاد.

لەم نمونانەدا دەنگی هەمزە [ ئـ ] ، وەکو دەنگێکی یاریدەدەر لەپێش دەنگە بزوێنەکان دەرکەوتووە ، ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە ، کە دەنگی بزوێن لە سەرەتای وشەی زمانەکەدا گۆناکرێت ، چونکە هاوسەنگی ئاخاوتن تێکدەچێت ، بۆیە دەنگی هەمزە [ ئـ ] ش لەو دەنگانەیە ، هەمیشە لە سەرەتای وشەدا بزوێنی ئاشکرا لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن، بە تایبەتیش ئەو دەنگانەی هاوسازگەی ئەم دەنگەن ، کە دواتر دەیانخەینە ڕو . سەبارەت بەوەی دەنگە بزوێنەکان، کە دەکەونە سەرەتای وشە و بڕگە، ئەی بۆچی دەنگێکی تری کۆنسنانت لە بری هەمزە، ناخەنە پێش خۆیان ، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە ((دەنگی هەمزە بەرەوژورترین دەنگی ئاوازەدارە ، هێندەیش بەرەوژورە لە عەینی ژێی دەنگەکانەوە ، کە ئاوازە پەیدادەکەن، دەردەچێت)) .(مەسعود محمد١٩٨٢: ٢٩) . بەم شێوەیە دەرکەوتنی دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە سەرەتای وشە لە زمانەکەدا زۆر بەربڵاوە ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەم دەنگە لە زمانەکەدا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی یاساکانی دەنگ، بە تایبەتیش تێچون و گۆڕانی هەمزە بە دەنگێکی تر، سەبارەت بە تێچونی دەنگی هەمزە [ ئـ ] زیاتر لە فۆڕمی وشەی لێکدراودا هەستی پێدەکرێت ، بە تایبەتیش کە دەنگێکی کۆنسنانتی بکەوێتە پێش، لەو کاتەدا بزوێنی دوای هەمزە پێویستی بە هەمزە نامینێ و واتای وشەکەش ناگۆڕێت ، بۆ نمونە:

(دەر+ ئەنجام) دەبێتە (دەرەنجام) ، (گوڵ+ ئاو) دەبێتە (گوڵاو) ، (لە + ئەوێ) دەبێتە (لەوێ) .

هەروەها لە بارەی گۆڕانی دەنگی هەمزە [ ئـ ] بە دەنگێکی تر، زیاتر لەگەڵ ئەو دەنگانەیە، کە سازگەی درکاندنیان نزیکە یان هاوسازگەن لەگەڵ ئەم دەنگەدا ، بە تایبەتیش دەنگی [ هـ ، ح ،ع ] ، ئەم دەنگانە بە دەنگی قوڕگی (حروف الحلق) ناسراون ، بۆیە وەکو دەنگی هەمزە [ ئـ ] دەنگی بزوێن بە دوای خۆیاندا دێنن، ئەم گۆڕانە لە چەند خاڵێکدا دەخەینە ڕو :

١- گۆڕانی دەنگی هەمزە [ ئـ ] بە دەنگی [ هـ ] ، بۆ نمونە:
(ئەسپ) دەبێتە (هەسپ) ، ( ئاسان ) دەبێتە (هاسان) ، (ئەیوان) دەبێتە (هەیوان) ، (ئێسک) دەبێتە (هێسک) .
٢- گۆڕانی دەنگی هەمزە [ ئـ ] بە دەنگی [ ح] ، بۆ نمونە: (ئاستەم) دەبێتە (حاستەم ) .
٣- گۆڕانی دەنگی هەمزە [ ئـ ] بە دەنگی [ ع ] ، بۆ نمونە:

(ئاسمان) دەبێتە (عاسمان) ، (ئۆمەر) دەبێتە (هۆمەر) ، (ئەرز) دەبێتە (عەرز) .

جگەلەوە ئەم دەنگە بە دەنگی تریش دەگۆڕێت، بۆ نمونە: (ئەخۆم) دەبێتە (دەخۆم) لە هەندێ شێوەزاردا.

سەبارەت بەو وشانەش، کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون ، دەنگی هەمزە [ ئـ ] یان تێدایە، بە هەمان شێوە دەکەونە ژێر کاریگەریی یاساکانی فۆنۆلۆژیی زمانەکە ، دەنگی هەمزە [ ئـ ] تێدەچێ و دەگۆڕێت ، بۆ نمونە: ناوەکانی (إبراهیم) ، (إسماعیل) ، (أمین) لە زمانەکەدا دەبنە (برایم) ، (سمایل) ، (مینە) ، ئەمەش بەهۆی تێچونی دەنگی هەمزە [ ئـ ] ەوەیە ، چونکە لە زمانی عەرەبیشدا بزوێن لە سەرەتای وشەدا نایەت ، بۆیە دەنگی هەمزە [ ئـ ] وەکو کۆنسنەنت دەکەوێتە پێش بزوێن ، بەڵام کاتێک ئەم وشانە دێنە نێو زمانی کوردییەوە ، مانەوەی (کسرة) و (فتحة) و (ضمة) نرخێکی نییە ، بۆیە هەمزەکەش نامێنێت ، هەروەها لە کۆتایی وشەدا تێدەچێت، بۆ نمونە:

(عطاء) دەبێتە (عەتا) ، (دعاء) دەبێتە (دوعا) .

لە هەندێ وشەی وەرگیراو لە زمانی عەرەبیدا ، دەنگی هەمزە [ ئـ ] دەگۆڕێت بۆ [ ع ] ، [ و ] یان [ ی ] ، بۆ نمونە:

(ألان) دەبێتە (ئەلعان) ، (قران) دەبێتە (قورعان) . (سؤال) دبێتە (سوال) . (بئر) دەبێتە (بیر) .

## ٦-١ دەنگی هەمزە و قالبەکانی بڕگە لە زمانی کوردیدا

لەم تەوەرەیەدا هەوڵدەدەین لە گۆشەنیگای تێگەیشتن ، نەک باسکردن لە تیۆری فۆنیم و جیاوازی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی بەتایبەتی جیاوازی نێوان دەنگ و فۆنیم ، هەروەها بنەماکانی ڕۆنانی بڕگە بە تایبەتیش بڕگەی فۆنەتیکی و بڕگەی فۆنۆلۆژیی و گوزەرکردنێک بەنێو ڕەوتی لێکۆڵینەوەکانی دەنگ ، کە سەبارەت بە دەستنیشانکردنی قالبەکانی ڕۆنانی بڕگە لە زمانی کوردیدا کراون ، ژمارەی قالبەکانی ڕۆنانی بڕگە لە زمانەکەدا یەکلا بکەینەوە، چونکە جگەلە بزرۆکە ، دەنگی هەمزە [ ئـ ] ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە دەستنیشانکردنی زانستییانەی قالبەکانی ڕۆنانی بڕگە لە زمانەکەدا دەبینێت ، ئەمەش دوای ئەوەی سەلماندمان هەمزە لە زمانی کوردیدا دەنگە، نەک فۆنیم، هەرچەندە فۆنیم ئاسا ڕەفتار دەکات ، بەوەی هەڵگری بەشێک لە سیماکانی فۆنیمە ، بەڵام سەرجەم تایبەتمەندییەکانی فۆنیم لە دەنگی هەمزە [ ئـ ] دا بەدیناکرێن ، تاوەکو ئەم دەنگە پلەی فۆنیم بون لە زمانی کوردیدا بەدەستبهێنێت ، شایەنی باسە تایبەتمەندییەکانی بە فۆنیم بون بەپێی هەر زمانێک دەگۆڕێت ، واتە یەک پێوەری ستاندارد نییە دەربارەی بە فۆنیم بونی دەنگ لە هەموو زمانەکاندا ، چونکە ((هەر قوتابخانەیەکی فۆنۆلۆژیی ڕای تایبەتی خۆی هەیە دەربارەی چەمکی فۆنیم، باسکردنی ئەو هەموو ڕایە جیاوازانە و دەرخستنی کێشەی نێوان ئەم قوتابخانانە کەڵکی ئێمەی نییە لەم باسەدا ، لەم قۆناغەدا باشترین و پراکتیکیترین پەیرەو بۆ دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی هەر زمانێ ئەوەیە ، کە فۆنیم بەنیشانەیەکی جیاکەرەوە دادەنێت لە ناو چوارچێوەی زمانێکی تایبەتییدا… بۆ دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی هەر زمانێ ئەو جوتە وشانە بەراورد دەکرێن ، کە بە تەواوی وەک یەک وان لە تاکە دەنگێ نەبێت ئەم جیاوازییەش کار لە واتا دەکات)) . (وریا عومەر ئەمین٢٠٠٩: ٩، ٥٦) . کەواتە ئەرکی واتا گۆڕیی و ژینگەی دەرکەوتن لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا ، دوو تایبەتمەندیی سەرەکی دەستنیشانکردنی فۆنیمن. بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی تاوەکو



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

ئەمڕۆ، سەبارەت بە دەستنیشانکردنی ژمارەی قالبەکانی برگە لە زمانی کوردیدا کراون ، دوو بۆچونی جیاواز گەڵاڵە دەبن ، کە دەنگی هەمزە [ ئـ ] و بزرۆکە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لەم دەستنیشانکردنەدا دەبینن ، هەرچەندە قسەکردن لەسەر بزرۆکە پەیوەندی بە توێژینەوەکەی ئێمەوە نییە ، بەڵام ئەلفوبێی زمانەکە لە کرمانجی ناوەڕاستدا وێنەی بۆ بزرۆکە دانەتاشیوە ، چونکە ڕێنوسی ئەلفوبێکەمان لە ئەلفوبێی زمانی عەرەبی (ئارامی) یەوە وەرگیراوە. ئەوەی پەیوەندی بە کارەکەی ئێمەوە هەیە ، خستنەڕوی ئەو بۆچونانەیە، لە بارەی دەستنیشانکردنی ژمارەی قالبەکانی برگە لە زمانی کوردیدا کراون ، بەتایبەتیش لە ڕووی هەژمارکردن و نەکردنی دەنگی هەمزە [ ئـ ] بە فۆنیم ، برگەناسان بەسەر دوو ئاراستەدا دابەشدەبن: –

**ئاراستەی یەکەم :** تێڕوانینێکی فۆنەتیکیان هەیە بۆ دەستنیشانکردنی قالبەکانی برگە لە زمانەکەدا ، دەنگی هەمزە [ ئـ ] بە دەنگێکی فۆنەتیکیی گشتی هەژماردەکەن، واتە لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا هەمزە بە فۆنیم دانانێن، ئەم ئاراستەیە پێیان وایە برگە لە تاقە بزوێنێک پێکدێت ، چونکە کە دەپرسین (تۆ ئاو دەخۆیتەوە؟) لە وەڵامدا ئەگەر توێنیتبێت ، دەڵێیت : ( ا .) کە یەک برگەیە ، هەروەها ئەم ئاراستەیە ، پێیان وایە دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە هەموو زمانێکدا هەیە، کە هەریەک لە ( مەکارەس ، جگەرخوێن، ئەورەحمانی حاجی مارف ، غازی فاتح وەیس ، وریا عومەر ئەمین ، محەمەد معروف فتاح و ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن) دەگرێتەوە ، بۆ نمونە:

١– (مەکارەس) یازدە قالبی بۆ ڕۆنانی برگەی زمانی کوردیی دەستنیشانکردووە ، بەم شێوەیە:

| قالبی برگە | CCVCC | CCVC | CCV | CV | CVC | V | VC | VCC | CVCC |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نمونە | خوارد | پیاو | ترێ | شا | یار | ئا | ئاو/ سان | ئاست | فەرش |
| قالبی برگە | CVCCC | CCCV | | | | | | | |
| نمونە | ڕۆیشت | تخوا | | | | | | | |

(Mccarus,E,N1958: ٢٤).

٢– (جگەرخوێن) چوار قالبی دەستنیشانکردووە،بەم شێوەیە:

| قالبی برگە | CVCC | CVC | CV | V |
|---|---|---|---|---|
| نمونە | مینا | چاڤ | تە | ئا/ ڤار |

(جگەرخوێن١٩٦١: ١٢).

٣– (ئەورەحمان) دوو قالبی دەستنیشانکردووە، بەم شێوەیە:

| قالبی برگە | CVC | CV |
|---|---|---|
| نمونە | شار | تۆ |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

(ئەوڕەحمانی حاجی مارف ١٩٧٦: ٦٨).

٤- (غازی فاتح) پێنج قالبی دەستنیشانکردووە، بەم شێوەیە:

| قالبی برگە | CCVCC | CCVC | CCV | CVC | CV |
|---|---|---|---|---|---|
| نمونە | بژارد | لباد | چرا | ڕاو | کێ |

(غازی فاتح وەیس١٩٨٤: ٦٨-٨٣).

٥- (وریاعومەر) نۆ قالبی دەستنیشانکردووە ، بەم شێوەیە:

| قالبی برگە | CCVCC | CCVC | CCV | CV | CVC | V | VC | VCC | CVCC |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نمونە | خوارد | ژوان | برا | تۆ | شەو | ئە | ئاش | ئەرک | گەرم |

(وریا عومەر ئەمین٢٠٠٩: ٢٥٣) .

٦- بە هەمان شێوە (ڕەحمان ئیسماعیل) نۆ قالبی دەستنیشانکردووە، بەم شێوەیە :

| قالبی برگە | CCVCC | CCVC | CCV | CV | CVC | V | VC | VCC | CVCC |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نمونە | درەنگ | شوان | گیا | ئاو | بۆر | ئا | ئەو | ئارد | دەست |

(ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن١٩٩١: ٥٣-٥٤) .

هەرچەندە (محەمەد معروف فتاح) خۆی لە قەرەی دەستنیشانکردنی قالبەکانی برگە لە زمانی کوردی نەداوە ، بەڵام ئاماژەی بەوەکردووە ، بە دوو شێوە دەکرێت لە برگە بکۆڵرێتەوە، کە بریتین لە شێوەی فۆنەتیکیی و شێوەی ئەرکی یان فۆنیمیکیی ، کە لە شێوەی فۆنەتیکیدا زانستییانە لە ڕوانگەی هەر دوو (تیۆری دەرکەوتویی دەنگ و تیۆری نەبز) ئاماژەی بە برگە کردووە ، بەتایبەتیش لە ڕوانگەی (تیۆری دەرکەوتویی دەنگ) ، کە بەپێی ئەم تیۆرە (( لەو برگانەدا کە لە دەنگێ زیاتر پێکدێن یەکێک لەم دەنگانە دەرکەوتویی زیاتر دەبێ ، لە وانیتر)).(محەمەد معروف فتاح٢٠١٠: ٧٧). لە ڕێگەی ئەو ڕیزبەندییەی بۆ دەنگەکانی زمانی کردووە ، بە پێی دەرکەوتویی لە کەمەوە بۆ زۆر، بەم شێوەیە:- ((

١- دەربازەکان : / پ ، ت، ک/ (کپەکان) . بەخشپەکان / ف، س، ش/، ئەفریکێتی کپ /چ/ .

٢- دەربازە دەنگدارەکان : / ر، د، گ/ . بەخشپەی دەنگدار /چ، ز. ژ/ ئەفریکێتی دەنگدار /ج/ .

٣- دەنگەکانی ناو لووت : /م ، ن/ .

٤- دەنگە لاوەکییەکان : / ڵ ، ل/ .

٥- دەنگە لەرزۆکەکان : / ڕ ، ر/ .

٦- بزوێنە بەرزەکان : / ی ، وو/ نیمچە بزوێنەکان / و، ی/ .

٧- بزوێنەکانی نێوان / و، ە ، ی/ .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

٨- بزوێنی ( أ و ئۆ )..... ئەم دوانە هەرە دەرکەوتون)) . (سەرچاوەی پێشوو: ٧٨) . بەم جۆرە ئەوەی سەلماندووە، دەنگی بزوێن ، کە ناوکی برگەیە لوتکەی دەرکەوتوییە. بەم پێیەش دەکرێ برگە لە بزوێن پێکبێت ، هەروەها دەرکەوتنی دەنگی هەمزە [ ئـ ] لەگەڵ بزوێن لە زمانی کوردیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە لە ڕوی فۆنەتیکییەوە لە زمانەکەدا ، دەنگ چۆن دەردەبڕدرێت ئاواش دەنوسرێت ، هەروەکو ئاماژەمان پێکرد بەکارهێنانی ئەلفوبێی زمانی عەرەبی (ئارامی) بۆ ئەلفوبێی کوردیی لە کرمانجی ناوەڕاستدا نوسینی هەمزەی بەسەر زمانەکەدا سەپاندووە ، چونکە ئەگەر دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە زمانی لاتینیدا ، فۆنیم بوایە ئەوا لە ئەلفوبێی لاتینیدا هێمای بۆ دادەتاشرا ؟ . ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانی ژمارەی قالبەکانی برگە لە زمانی کوردیدا ، چونکە قالبی برگەیی تازە دروست دەبێت ، کە بە بزوێن دەستپێدەکات ، یان لە تاکە بزوێنێک پێکدێت ، ((بچوکترین برگە لە بزوێنێک Vowel پێکدێت ، ئەم بزوێنە ناوکی Nucleus برگە پێکدەهێنێ ، لەگەڵیا دەشێ چەند دەنگێکی کپ Consonant دەرکەوێ )).(وریا عومەر ئەمین٢٠٠٩: ٢٥٢). بەم جۆرە ژمارەی قالبەکانی برگە زیاد دەکات، هەرچەندە لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە لەسەر هەندێ وردەکاری تری برگە جیاوازن ، بە تایبەتیش لە ڕۆنانی برگەدا ، وەکو هاتنی هێشووە کۆنسنانتی سێیی لە پێش و پاشی بزوێن (ناوک) ی برگە و دیاریکردنی بەشەکانی برگە و جیاوازینەکردن لە نێوان فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی بۆ دەستپێکردنی برگە بە بزوێن یان کۆنسنانت.

**ئاراستەی دووەم :** ئەم ئاراستەیە تێڕوانینێکی فۆنتاکتیکییانەیان هەیە بۆ دەستنیشانکردنی قالبەکانی برگە لە زمانی کوردیدا ، دەنگی هەمزە [ ئـ ] بە فۆنیم دادەنێن ، بەڵام هەروەکو ئاماژەمان پێکرد ، ئەم دەنگە سەرجەم تایبەتمەندییەکانی فۆنیمی تێدا نییە ، بەڵکو لە زمانەکەدا تەنیا هەڵگری چەمکی فۆنیمە و فۆنیم ئاسا ڕەفتار دەکات . ئەم ئاراستەیە پێیان وایە ، هەرچەندە برگە بەبێ بزوێن دروست نابێت ، بەڵام دەبێت دەنگێکی نەبزوێنیشی لەگەڵدا بێت ، کە هەریەک لە ( تۆفیق وەهبی ، نوری علی ئەمین، عبدول مەجید ڕەشید، تاڵیب حسێن عەلی و محەمەد ئەمین هەورامانی) دەگرێتەوە ، بۆ نمونە:

١- (تۆفیق وەهبی) سێ قالبی بۆ برگە دەستنیشانکردووە، بەم شێوەیە:

| قالبی برگە | CVCC | CVC | CV |
|---|---|---|---|
| نمونە | دەشت | تۆڕ | چا |

(تۆفیق وهبی ١٩٢٩: ٦).

٢- (نوری عەلی ئەمین) بە هەمان شێوە سێ قالبی دەستنیشنکردووە، بەم شێوەیە:

| قالبی برگە | CVCC | CVC | CV |
|---|---|---|---|
| نمونە | ڕەنج | خەم | با |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

(نوری عەلی ئەمین١٩٦٠: ١٧-١٩).

٣- ( عبدول مەجید ڕەشید) پێنج قالبی بۆ بڕگە دەستنیشانكردووە ، بەم شێوەیە:

| قالبی بڕگە | CCVC | CVCC | CCV | CVC | CV |
|---|---|---|---|---|---|
| نمونە | خوان | وەشت | برا | ڕاز | دۆ |

(عبدول مەجید ڕەشید١٩٨٦: ٩١) .

٤- (تاڵیب حوسێن عەلی) شەش قالبی بۆ بڕگە دەستنیشانكردووە ، بەم شێوەیە:

| قالبی بڕگە | CCVCC | CCVC | CVCC | CCV | CVC | CV |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نمونە | خوارد | خوار | سارد | خوا | شەو | نۆ |

(تاڵیب حوسێن عەلی ١٩٨٩: ٦٨).

هەروها (محەمەد ئەمین هەورامانی) ، كە زیاتر لە ڕوانگەی واتاییەوە بۆ دەستنیشانكردنی قالبەكانی بڕگە چووە ، پێی وایە ئاساییە دوو بزوێن لە سنوری تاكە بڕگەیەكدا كۆببنەوە، هەر ئەم هۆكارەشە (هەورامانی) بەهەڵەدا بردووە ، چونكە لە (( هیچ زمانێكدا دوو بزوێن لە سنوری بڕگەیەكدا نایەن)) . (ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن١٩٩١: ٥٠) .بەم جۆرە چوار قالبی بۆ بڕگە دەستنیشانكردووە، بەم شێوەیە :

| قالبی بڕگە | CVCC | CVC | CV | CVV |
|---|---|---|---|---|
| نمونە | دەست | من | تۆ | مەی |

(محەمەد ئەمین هەورامانی١٩٨١: ١٥٩).

سەبارەت بە دەستنیشانكردنی قالبی (CVV) ، بە بۆچونی ئێمە ئەم قالبە ناتەواوە ، چونكە لە زمانی كوردیدا هەرگیز دوو بزوێن بەدوای یەكدا نایەن ، بەڵكو ئەم حاڵەتەی وشەی (مەی) و هاوشێوەكانی بۆ جیاوازینەكردن لە نێوان هەردوو نیمچە بزوێنی [ و ] و[ ی] دەگەڕێتەوە ، كە هەركاتێك بزوێنێكیان لە پێش یان لە دوا بێت ڕۆڵی كۆنسنانت دەبینن.لە ئەنجامدا دەركەوت ، بەهۆی فۆنیم نەبونی دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە زمانی كوردیدا ژمارەی قالبەكانی بڕگە زیاد دەكات. ئەمەش گرنگیی دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە یەكلایكردنەوەی قالبەكانی بڕگە لە زمانەكەدا دەردەخات ، كە لە ڕابردودا هەندێ توێژەری بڕگەسازیی كوردی بە هەڵەدا بردووە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

**ئەنجام:**

**ئەم ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا پێی گەیشتوین لە چەند خاڵێکدا دەیانخەینە ڕو:**

١- دەنگی هەمزە [ ئـ ] ، لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا بونی هەیە ، چ وەکو دەنگێکی فۆنەتیکی گشتی ، چ وەکو فۆنیمێک لە هەندێ زماندا لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا بون و کاریگەریی خۆی هەیە.

٢- لە ڕوی فسیۆلۆژی و چۆنیەتی دركاندنەوە ، دەنگی هەمزە [ ئـ ] دەنگێکی یاریدەدەرە ، سازگەی دركاندن و شێوەی دەربڕینی ئەم دەنگە ، بۆتە هۆی ئەوەی لە بری هەر نەبزوێنێکی تر لە پێش بزوێن دەرکەوێت ، هەروەها لە ڕوی هەڵکەوت و باری ژێکانی قوڕگەوە، ئەم دەنگە نە گڕە و نە کپە ، بەڵکو دەنگێکیی بێ لایەنە لە زنجیرەی ئاخاوتندا.

٣- بەهۆی نەبونی سەرجەم تایبەتمەندییەکانی فۆنیمیەت لە دەنگی هەمزە [ ئـ ] دا ، لە ئێستادا ئەم دەنگە لە زمانی کوردی بە فۆنیمێکی تایبەت و سەربەخۆ هەژمار ناکرێت ، بەڵکو تەنیا هەڵگری چەمکی فۆنیمیەتە، بەوەی فۆنیم ئاسا ڕەفتار دەکات ، ئەمەش ڕۆڵی دەنگێکی یاریدەدەری پێبەخشیووە ، کە هەندێجار زاراوەی (هاوەڵ بزوێن) یاخود (ڤاوڵ هەڵگر) ی بۆ بەکاردێت.

٤- دەنگی هەمزە [ ئـ ] ڕۆڵێکی بەرچاو لە دەستنیشانکردنی قالبەکانی بڕگەدا دەبینێت ، بە جۆرێک لێکۆڵەرانی بڕگەسازیی کوردی بە سەر دوو ئاڕاستەدا دابەشکردووە ، ئاڕاستەی یەکەم ، کە دەنگی هەمزە [ ئـ ] بە فۆنیم دانانێن،کە یەکێکە لەو ئەنجامانەی توێژینەوەکەمان پێی گەیشتووە، یازدە قالب بۆ ڕۆنانی بڕگە لە زمانی کوردیدا دەستنیشان دەکەن ، بەڵام ئەوانەی ، کە ئەم دەنگە بە فۆنیم دادەنێن ، ژمارەی قالبەکانی بڕگەیان لە شەش قالب تێپەڕ ناکات.

٥- داتاشینی پیت بۆ دەنگی هەمزە لە زمانی کوردیدا ، بۆ تایبەتمەندیی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە ، کە سەرەتای وشەی کوردی بە دەنگی بزوێن دەستپێناکات،چونکە ئەم دەنگە لە زمانی کوردیدا شێوەی نوسین (Allograph) ی نییە ، کە ئەمەش یەکێکی ترە لەو هۆکارانەی ڕەوایەتی بە فۆنیم نەبونی ئەم دەنگە لە زمانی کوردیدا دەخاتە ڕو ، چونکە لە سەرەتای وشەدا شێوەی < ئـ > ، لە ناوەڕاستی وشەدا شێوەی < ئـ > ، لە کۆتایشدا شێوەی < ء > وەردەگرێت،کەواتە پەیدابونی دەنگی هەمزە [ ئـ ] لە سەرەتای ئەو وشە و بڕگانەی، کە بە بزوێن دەستپێ دەکەن دیاردەیەکی فۆنەتیکییە ، بەڵام داتاشینی پیت بۆ ئەم دەنگە لە زمانەکەدا پێویستییەکی فۆنۆگرافۆلۆژییە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

**ملخص:**

يُعني هذا البحث بدراسة صوت الهمزة في اللغة الكُردية الوسطى- و ذالك من خِلال البيان اهم السِمات الصوتية له، وتم تحليل البحث في إطار المنهج الوصفي التزامني (السانكروني)، وتطرف البحث ايضاً الى أهم مايحمِله هذا الصوت من الملامِح المميزة كونه صوتاً ساكناً فموياً يُنتج عن طريق عرقلة تدفق الهواء في القناة الصوتية ،وكونه صوتاً غير مسموعٍ يتم إنتاجه دون أهتزاز الحبال الصوتية و يهدف البحث أيضاً الى أثبات عدم كون الهمزة فونيماً في اللغة الكُردية أذ تمت الاشارة الى خصوصية العلاقة و شروطها بين كل صوت من اصوات اللغة بالفونيم. فضلاً عن ذلك تناول البحث أهم اسباب أختلاف اللغويين الكُرد في فونيمية الهمزة. وتوصل البحث الى إثبات كون الهمزة صوتاً فونتاكتيكياً و ليس فونيماً في اللغة الكُردية.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

# Glottal Stop in Kurdish Language

**Rebin Khalid Khdir**

Department of Kurdish , College of Education , University of Salahaddin / Hawler, Kurdistan Region Iraq.

Email: rebin.khdir@su.edu.krd

**Talib Hussen Ali**

Department of Kurdish , College of Education , University of Salahaddin / Hawler, Kurdistan Region Iraq.

Email: talib.ali@su.edu.krd

## Abstract:

This research is titled (Glottal Stop in Kurdish Language). The scope of the research is the Middle Kirmanji Dialect; hence, the data and examples are analyzed according to the method of (Descriptive Synchronic – Analytical). The aim of this research is a deeper academic analysis to present and prove the degree and the level of phonemity of glottal stop in Kurdish language. This research tries to describe newly the place of articulation, manner of articulation and voicing of the glottal stop in Kurdish language. This research also tries to present the place and use of this sound in dictionaries. Problems regarding the phonemity of this sound as well as the characteristics and conditions that a phoneme needs to have to be a phoneme are explained. Additionally, the factors that have led to the existence of various views among Kurdish experts and linguists toward this sound are discussed. Hence, the body of this research is trying to answer all the questions related to glottal stop and its behavior and state in the Kurdish language. Findings of this research are presented at the ends with the results.

**Key words:** Glottis, Glottal Stop, Vokalträger



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020**

**سەرچاوەكان:**

ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦) ، زمانی كوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیكدا، لە چاپكراوەكانی كۆڕی زانیاری كورد-بەغدا.

........ (٢٠١٤)، فەرهەنگی زاراوەی زماننناسی ، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وبڵاوكردنەوەی ڕۆژهەڵات-هەولێر.

تاڵیب حوسێن عەلی (٢٠١٥) ، دەنگسازی چەند بابەتێكی فۆنۆلۆجی كوردی، چاپی یەكەم – چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر.

تۆفیق وەهبی ( ١٩٢٩) ، دەستووری زمانی كوردی ، جزمی یەكەم ، دار الباعه الحدیپە- بەغدا.

جگەرخوین (١٩٦١) ، ئاوائو دەستورا زمانێ كوردی ، چاپخانەی سەلاحەدین- بەغدا.

جەمال نەبەز (٢٠١٤) ، دوو بابەتی زمانەوانیی كوردیی ، كۆبەرهەم ژمارە (١٢) ، سلێمانی .

حامید فەرەج (١٩٧٦) ، ڕێنوسی كوردی لە سەدەیەكدا، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد- بەغدا.

ڕەفیق شوانی (٢٠٠٩) ، زمانەوانی، چاپی یەكەم ،چاپخانەی خانی – دهۆك.

عبدوڵڵا حسێن ڕەسول (٢٠١٥) ، چەندباسێكی وردی زمانەوانی- كوردی ، بەرگی یەكەم،چاپخانەی هێڤی –هەولێر.

قەیس كاكل تۆفیق (٢٠٠٧) ، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، چاپی یەكەم ،چاپخانەی دەزگای ئاراس-هەولێر.

كەمال فوئاد (٢٠١٣) ، بەشێك لە بەرهەمەكانی كەمال فوئاد(زمان و مێژوو)، بڵاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی، چاپخانەی حاجی هاشم– هەولێر.

محمد ئەمین هەورامانی (١٩٨١) ، زاری زمانی كوردی لە تەرازووی بەراوردا، دەزگای ڕۆشنبیری بلاوكردنەوەی كوردی – بەغدا.

......... (١٩٨٧) ، فەرهەنگی ئێریەن ڤاج ، ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری ولاوانی ناوچەی كوردستان،چاپخانەی سومر- هەولێر.

محمد معروف فتاح (٢٠١٠) ، زمانەوانی ، بڵاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.

نوری عەلی ئەمین (١٩٦٠) ، ڕێزمانی كوردی ، چاپخانەی كامەران – سلێمانی .

نەسرین محمد فەخری (١٩٧٧-١٩٧٨) ، ڕێنوسی كوردی ، فەصڵی یەكەم، كۆلێژی پەروەردە – زانكۆی بەغدا.

هەژار قادرئیسماعیل (٢٠١٣) ، ڕۆنانی برگە و گۆڕانی سنوری برگە لە شێوەزاری باڵەكییاندا، بڵاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی ، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.

تاڵیب حوسێن عەلی (١٩٨٩) ، فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانیدا، نامەی ماستەر-زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر – کۆلێژی ئاداب.
ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن (١٩٩١) ، بڕگە و ئاسانبوونی بڕگە لە کوردیدا، نامەی ماستەر- زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر – کۆلێژی ئاداب.
ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٨٢) ، پێداچوونەوەیەک ، ڕۆشنبیری نوێ ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی،ژمارە (٩٢)- بەغدا.
............................ (١٩٨٣) ، ڕێنوسی کوردی لە ڕەگ و ڕیشەوە ، گۆڤاری کاروان ،گۆڤاری ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری ولاوان، ژمارە (٤)- هەولێر.
تاڵیب حوسێن عەلی (٢٠٠٥) ، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی ، لە زنجیرەی بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی ژمارە (٢٨) – هەولێر.
عبدالخالق احمدعزیز (١٩٨٥) ، فۆنیم ، گۆڤاری کاروان ، گۆڤاری ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری ولاوان،ژمارە (٢٨)- هەولێر.
مسعود محمد (١٩٨٢) ، لەگەڵ دەنگسازی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، ژمارە (٩٥)- بەغدا.

تمام حسان (١٩٩٠)، مناهج البحث فی اللغه ، مکتب انجلو المصریه.
کمال محمد بشر(١٩٧٥) ، علم اللغه عام الآصوات ، دار المعارف بمصر،الطبعه الرابعه- القاهره.

McCarus.E.N.(1958) A Kurdish Grammar Description of sulaimaniya, .Iraq,New York
Majid ,S,H.(1987) The role of intonation in grammar with reference to English and Kurdish, University of Mosul.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020